# ئاوێنەی ژنێک

ئاوێنەی ژنێک دوا بەرهەمی {ڕێواس ئەحمەد بانیخێلانی}یە، ئاوێنەیەک کەوەک ئاوێکی مەنگ سەدان بوێر و نهێنی لە قولاییی دیرەکانیدا ڕومالکردوە. کە دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە، یەکسەر ڕۆمانەکەی(عەبدالرحمن منیف)م بیرکەوتەوە کە ناوی(مدن الملح) شارەکانی خوێ بوو، کە لە سالی هەشتاکاندا نوسیویەتی. دەکرا ناوی ئەم بەرهەمە بنرێ، ئاوێنەی ژنەکان، لێ بەگشتی باسی ئاریشەی ئەو ئافرەتانە دەکات کە بەدەستی پیاوسالاری و پێوەری پاشکەوتووی کۆمەڵگەی کوردییەوە دەناڵێنن، دەیان کەیسی تیایە، کە چۆن پیاوە چلێسەکانی هاوڕەگەزم، بە ژنێک و دووان سێیان برسیەتیان دانەمرکێتەوە و دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بۆ ئەتکردنی دەها ژن بەکارهێناوە و خستوەتەگەڕ.

هەرچەندە ئەم بەرهەمە بە زمانێکی سادە و تاڕادەیەکی ڕووداوەکانی بەسەر یەکەوە کەڵکە کردوە، دیسان بە ووردی ڕەنگدانەوەی گۆڕانی نەرێنی کۆمەڵگەی کوردی دەخاتە ڕو، کە چۆن تاکەکان گۆڕاون و هەژمونی ئاین و بیرکردنەوەکانی دی، لە هەڵسوکەوتیاندا فورم و ڕۆتینی وەرگرتوە.

کەیسەکانی خۆ سووتاندن و درۆکردن و ڕیایی و یەکتر هەڵخەڵەتاندن و خۆپەرستی، بەجۆرێک شیکردوەتەوە، کە خوێنەر کونجکرێنانە دەیەوێت بگاتە کۆتایی. ئەگەر کۆمەڵگەی کوردی لە ماوەی بیست و چوار ساڵ ئەوەی بەسەر هاتبێ، ئەوا پرۆفیسۆری دەروونناسی ماکس ڤێبەر دوو سەد ساڵ، لەمەوبەر باسی ئەوەی کردوە، کە چۆن پێوەندی ئابوری، لە سەردەمی پیشەسازیدا، بەسەر پەیوەندییەکاندا باڵا دەست دەبێ و تاکەکان ئەو بەرگە کۆمەڵایەتییەیان نامێنێ و پتر خۆپەرست دەبن و دەکەونە گێژاوی کۆمەڵێک ئاریشەوە، لە وانە نامۆیی لە گەڵ خود، خۆپەرستی، فێڵکردن و خۆکوشتن..هتد.

نووسەر هەر بەوەش نەوەستاوە، باری سیاسی کۆمەڵگەشی تێکەڵ کردوە، و هەندێ جار دەقی باسەکەی کردوەتە وتار سیاسی. ئەوەش دووبارە پیوەندی بە باری سیاسی باشوورەوە هەیە، کە گەورە و بچوک تووشی تراومایەکی سیاسی بووە.

فرەژنی دیاردەیەکی دییە، کە نووسەر بوێرانە دەیخاتە ڕوو، بەبێ ئەوەی سڵ لە کاردانەوەکانی بکا. ئەزمونی شکستخواردوی گەڕانەوە بۆ کوردستان هێڵێکی دییە کە نووسەر لەم بەرهەمەیدا، کێشاویەتی و ئەوەی خستوەتە ڕو، کە چۆنە ئەوانەی ئاوارەبوون، بوونەتە خاوەنی دوو کەسایەتی و خۆگونجاندنەوەیان لە خاکی نیشتیمان کاتێک و ووزەیەکی هێجگاری دەوێ، زۆر جار مەحاڵە ببنەوە بە هەمان کەس.

بەرهەمی {ئاوێنەی ژنێک} کەیسی هەموو ئەو ئافرەتانەیە، کە ڕۆژانە دەکەونە بەر ستەمی پێوەری داعشیانە باوکسالاری، وێنای ئەو ژنە هۆش بیاوانەیە، کە شانازی بە کوڕەکانیانەوە دەکەن کە لەگەڵ چەندان کچ، ئامادەن بخەون و بەڵام وەک خەوشێکی مەزن و سوک سەیری کێژەکانیان دەکەن، ئەگەر دۆستێک بگرن.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە نووسەر توانیویەتی دەستبخاتە سەر ئەو ڕاستیە، کە سێکس مافی ڕەوای هەموو مرۆڤێکە، ئیدی مێ بێ یان نێر، باسی ئەوە بکا، کە لە کۆمەڵگەی باوکسالاریدا سێکس وەک دەسەڵات، بۆ کۆیلەکردنی مرۆڤەکان بەکاردێت، بە تایبەتی دژی ژنان. بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگە کراوەکاندا، وەک مافی مرۆڤەکان بەهەند وەردەگیرێ، بۆیە ئاساییە، ئەگەر ژنێک جیابوونەوە بخوازێ، نابێتە جێگەی تیر و تانە. بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگە بابسالارەکاندا، دەبێتە گەورەترین شکستی بۆ ژنان و مایەی کۆتکردنیان.

وێرای دەستخۆشی لە نووسەر، بەڵام دەکرا، بۆ ئاسانکردنی خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە، پێشەکیەکی بۆ بنووسێ، دابەشکردنی دەروازەکان روونتربن و خۆی دوورەپەرێز بگرێ لە نووسینی هەندێ دەقی سیاسی.

دووبارە دەستخۆش و هیوای سەرکەوتن!
ئاسۆ بیارەیی
٢٠ی ٢ی ٢٠١٧